Kurdistan Region Government
Ministry of Higher Education
and Scientific Research
Erbil Polytechnic University

# Module (Course Syllabus) Catalogue

2022-2023

| | |
|---|---|
| College/ Institute | Erbil Technical Engineering College |
| Department | Civil Engineering and ISE Department |
| Module Name | Kurdology |
| Module Code | KUR101 |
| Degree | Technical Diploma ☐ Bachler ☒<br>High Diploma ☐ Master ☐ PhD ☐ |
| Semester | 1 |
| Qualification | Master |
| Scientific Title | Asst. Lecture |
| ECTS (Credits) | 5 |
| Module type | Prerequisite ☐ Core ☐ Assist. ☒ |
| Weekly hours | |
| Weekly hours (Theory) | ( 3 )hr Class — (135 )Total hrs Workload |
| Weekly hours (Practical) | ( )hr Class — ( )Total hrs Workload |
| Number of Weeks | 20 |
| Lecturer (Theory) | Bazyan Younus Muhiadin |
| E-Mail & Mobile NO. | bazyan.muhiadin@epu.edu.iq, 07504362450 |
| Lecturer (Practical) | Bazyan Younus Muhiadin |
| E-Mail & Mobile NO. | |
| Websites | |

# Course Book

| | |
|---|---|
| **Course Description** | پێناسەی بابەت:<br>بابەتی کوردۆلۆژی ومافی مرۆڤ و جینۆسایدوجێندەر وەك هەر بابەتێکی تری پرۆگرامی خوێندن لە قۆناغی یەکەمدا ، پێویستە و گرینگی تایبەتی خۆی هەیە ، ئەمە بەو مانایەی بابەتەکە هەموو ئەو نادیاری و ناتەواویانەی کە لە قۆناغەکانی پێشووی خوێندندا ڕوونەکراوەتەوە شیدەکرێنەوە و قوتابی بەسەرجەمیان ئاشنا دەبێت.<br>ئەو زانیاریانەی سەبارەت بە بابەتی کوردۆلۆژی بە گشتی و(زمان و ئەدەبی بیانی و کوردی و ناوچەکە)بە تایبەتی ، دەخرێنە چوارچێوەی ئەم سێمستەرەوە تەواو چڕدەکرێنەوە هەتا هەموو بابەتێکی پەیوەندیدار بە زانستی کوردۆلۆجی بگرێتە خۆی لەگەڵ هەردوو بابەتی تازەی (مافی مرۆڤ و جینۆسایدوجێندەر) تێکەڵ دەکرێ .<br>کۆردۆلۆجی هەموو نوسراو و توێژینەوە زانستییەکان دەگرێتەوە کە لەسەر هەموو لایەنەکانی ژیانی کورد وەك ( زمان ، ئەدەب ، مێژوو، ئایین و کلتوورو سیاسەت و هتد..) نوسراوە و بڵاوکراوەتەوە بە ئامانجی ناساندنی کورد. |
| **Course objectives** | گرینگی بابەت:<br>کوردۆلۆژی زانستێکە گرینگی بە هەموو ئەو توێژینەوە و لێکۆڵینەوانە دەدات کە پەیوەندی بە ژیان و زمان و ئەدەب و مێژوو جوگرافیاو شارستانیەت و دەسنووس و بیبلۆگرافیاو .....هتد نەتەوەی کورد و کوردستانەوە هەیە ، هەر بۆیەش گرنگی ئەم بابەتە لە گرینگی و فراوانی |

| | |
|---|---|
| | هەمووو ئەو بوارە جیاجیایانەدا کۆدەبێتەوە کە لە ڕێگە ی کەناڵ و میتۆدی جۆراوجۆر بە شێوەی گفتوگۆیەکی کلتووری و ڕۆشنبیری و سیاسی هەر تاکێکی مرۆڤایەتی– قوتابی جێبەجیٚ دەکرێت .<br>مافی مرۆڤ و جینۆسایدیش بەهەمان شێوە خاسیەت و بنەماو هێلکاری تایبەت بەخۆیان هەیە بۆ ناساندن و نیشاندانی زانستییان لە چوارچێوەی ئەو ئایدیۆلۆژیایانەی کە لە ژینگە جیاجیاکان کاری پێدەکرێت.... |
| **Student's obligation** | قوتابیان وخوێندکارانی خۆشەویست پێویستە پابەندی ئەم ڕێنماییانەی خوارەوەبن :<br>دوای مامۆستا قوتابیان بەشداری هاتنە ژوورەوەی هۆڵی لیٚدوان (محاضرة) ناکەن .<br>• لەکاتی تاقیکردنەوەکاندا مۆڵەت وەرناگیرێ .<br>• قوتابیان لەکاتی خراپبوونی تاقیکردنەوە دەتوانن تاقیکردنەوەیەکی ئیختیاری بکەن بەمەرجێك (ڕەزامەندی سەرۆکایەتی بەشی لەسەربیت ، هەموو تاقیکردنەوەکان کۆدەکرێتەوە ، نەك کامەیان باشتر بوو تەنها ئەویان بۆ هەڵبژێردرێت ).<br>• هۆم وۆرکەکان لەکاتی داواکراو وەردەگیرێن بەپێچەوانەوە وەرناگیرێت.<br>• مۆڵەت بە (5–6) قوتابی دەدرێت ، لە ماوەی نیو کاتژمێر سمینارێك ئەنجام بدات بە شێوەیەکی پراکتیکی و زانستی بەمەرجێك سوودی لە سیٚ سەرچاوە وەرگرتبێت و قوتابیەکەش بەپێی توانا و ماندووبوونی خۆی نمرەی پێویست وەردەگرێت . (هەمووان دەبیٚ بەژداری بکەن) لە بابەتی کوردۆلۆجی موحازەرەیەکی کراوە پێشکەش دەکەین .<br>• لەکاتی کیوزەکان هەر قوتابییەك ئامادەنەبوو سفرِی بۆ ئەژماردەکریٚ .<br>• هەموو قوتابییەك دەبیٚ ڕاپۆرت و وتاری تایبەتی داواکراو ئامادەبکا بەپێچەوانەوە سفرِ ئەژماردەکریٚ . |

<table>
<tr><td></td><td>• هەر سمینارێك یان ڕاپۆرتێك لە ناوەڕۆكی پرۆگرام بوو بۆ تاقیکردنەوەکان داواکراوە .</td></tr>
<tr><td>Required Learning Materials</td><td>lecture halls with data show equipment for lecture presentations, white board, overhead projector, posters</td></tr>
<tr><td>Evaluation</td><td>
<table>
<tr><th colspan="2">Task</th><th>Weight (Marks)</th><th>Due Week</th><th>Relevant Learning Outcome</th></tr>
<tr><td colspan="2">Paper Review</td><td></td><td></td><td></td></tr>
<tr><td rowspan="6">Assignments</td><td>Homework</td><td>10</td><td>5,7</td><td>1,2,4,7</td></tr>
<tr><td>Class Activity</td><td>2</td><td></td><td></td></tr>
<tr><td>Report</td><td></td><td></td><td></td></tr>
<tr><td>Seminar</td><td>8</td><td>3-10</td><td>1-7</td></tr>
<tr><td>Essay</td><td>8</td><td></td><td>1-7</td></tr>
<tr><td>Project</td><td>8</td><td></td><td></td></tr>
<tr><td colspan="2">Quiz</td><td></td><td>4,6</td><td>1-7</td></tr>
<tr><td colspan="2">Lab.</td><td></td><td></td><td></td></tr>
<tr><td colspan="2">Midterm Exam</td><td>24</td><td>5</td><td>1-4</td></tr>
<tr><td colspan="2">Final Exam</td><td>40</td><td>11</td><td>1-7</td></tr>
<tr><td colspan="2">Total</td><td></td><td></td><td></td></tr>
</table>
</td></tr>
<tr><td>Specific learning outcome:</td><td>1. هۆشیارکردنەوەی نەتەوایەتی – سیاسی – کلتووری......<br>2. ناساندنی کوردومافەکانی و جینۆسایدەکان و جێندەر.<br>3. باوەڕبوون بەبوارەکانی کوردۆلۆژی وەك هەر زانستێکی تر یان هەر نەتەوەیەکی تر.<br>4. ڕۆشنبیربوون لەسەربوارەکان .<br>5. فێربوون بۆ (مێژووی زمانی کوردی و زانستی کوردۆلۆژی) .<br>6. فێربوونی شێوازی ئاخاوتن بۆ هەلی کار.<br>7. ئاشنابوون بەچەمکەکانی کوردۆلۆژی</td></tr>
<tr><td>Course References:</td><td>سەرچاوەکان (گرینگترین سەرچاوە) :<br>1. ئەکرەم قەرەداغی ، <u>بیبلۆگرافیای کورد و کوردستان</u> ، سلێمانی ، 1999.</td></tr>
</table>

2. ئەورەحمانی حاجی مارف ، فەرهەنگی زاراوەی زماناسی ، سلێمانی 2004.

3. جەمال نەبەز ، زمانی یەکگرتووی کوردی ، یەکێتی نەتەوەیی خوێندکارانی کورد لە ئەورووپا بلاوی کردۆتەوە ، ئەڵمانیا ،1976.

4. عەبدوڵڵا غەفور، جوگرافیای کوردستان ، چاپی چوارەم ، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە ، هەولێر ،2005.

5. عەبدولڕەحمان قاسملۆ ، کوردستان و کورد ، لە بلاوکراوەکانی بنکەی پێشەوا ، 1973.

6. بەکر عومەر عەلی و شێرکۆ حەمە ئەمین ، زارو شێوەزار ، چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی ،2007.

7. حوسێن محەمەد عەزیز، سەلیقەی زمانەوانیی و گرفتەکانی زمانی کوردیی ، بەڕێوەبەرێتی گشتی چاپ و بلاوکردنەوە ، چاپخانەی کارۆ ، سلێمانی ، 2005.

8. زبێربیلال ، مێژووی زمانی کوردی ، وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە یوسف رەئوف عەلی ، دار اللحرية للطباعة ، بەغدا ،1984.

9. سەلام ناوخۆش و نەریمان خۆشناو، زمانەوانی ، بەرگەکانی (یەکەم و دووەم و سێیەم ) چاپخانەی منارە ، هەولێر ، 2009.

10. سەدیق بۆرەکەیی ، مێژووی وێژەی کوردی ، بەرگی یەکەم ، هەولێر ، 2008.

11. شەرەفخانی بەدلیسی ، شەرەفنامە ، هەژار کردوویەتی بە کوردی ، چاپی یەکەم ، کۆڕی زانیاری کورد ، بەغدا ، 1981.

12. عیزەددین مستەفا ڕەسوڵ ، سەرنجێ لە زمانی ئەدەبی یەکگرتووی کوردی ، چاپی یەکەم ، چاپخانەی (سلمان العظمی) ، بەغدا ، 1971.

13. فەرهاد پیربال ، ئینجیل لە مێژووی ئەدەبیاتی کوردیدا ، دهۆك ، 1999.

14. فەئاد حەمە خورشید ، زمانی کوردی دابەشبوونی جوگرافیای دیالێکتەکانی ، و. حەمە کەریم هەورامی ، چاپخانەی(افاق العربیه) ، بەغدا ، 1985.

15. قەیس کاکل تۆفیق ، ئاسایشی نەتەوەیی و پلانی زمان ، دەزگای موکریانی ، چاپخانەی دەزگای ئاراس ، هەولێر ، 2007.

16. محەمەد ئەمین هەورامانی ، زاری زمانی کوردی لە تەرازووی بەراوردا ، دەزگای ڕۆشنبیری و بلاوکردنەوەی کوردی ، بەغدا ، 1981.

17. محەمەد ئەمین هەورامانی ، سەرەتاییێك لە فیلۆلۆژی زمانی کوردی ، بەڕیوەبەرایەتی گشتی ڕۆشنبیری کوردی ، چاپخانەی مەعاریف ، بەغدا ،1974.

18. نافیع دیبەگەیی ، بنەماکانی ڕێنووسی کوردی لاتینی ، سلێمانی ، 2006.

19. شوکرییە ڕەسول ، ئەدەبی کوردی و هونەرەکانی ئەدەب، مطابع التعلیم العالي،هەولێر، 1989.

20. عەلائەددین سەجادی ، مێژووی پەخشانی کوردی ، دەزگای

چاپ و بلاْوكردنەوەی ئاراس ، هەولێر،2000.

21. هۆراس، هونەری شیعر ، و:حەمید عەزیز ، چاپی دووەم ، هەولێر ، 2005.

22. دیوانەكانی شاعیران : نالی ، مەلای جەزیری، مەولەوی .......چەندانی تر .

23. سەلام ناوخۆش ، نەریمان خۆشناو ، ئیدریس عەبدوڵڵا،كوردۆلۆجی ، چاپی پێنجەم ،چاپخانەی منارە ، هەولێر، 2000.

24. سالار عەزیز مەحموود ، كوردۆلۆجی ،چاپخانەی زانكۆی سەلاحەددین ، هەولێر، 2015.

25. ڕەفیق شوانی ، زمانی كوردی شوێنی لەناو زمانەكانی جیهاندا ، چاپی یەكەم ، چاپخانەی خانی ، دهۆك ، 2008.

26. عەبدولواحێد موشیر دزەیی ،كوردۆلۆجی ، چاپی دووەم ، چاپخانەی ماردین ، هەولێر ، 2011.

27. مارف خەزنەدار ، مێژووی ئەدەبی كوردی ، بەرگی یەكەم ، چاپی یەكەم ، هەولێر ، 2001.

28. فەهاد پیربالْ ، كورد لە دیدی ڕۆژهەلاْتناسەكانەوە ، چاپی یەكەم ، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە ، هەولێر ، 2006.

29. بازیان یونس محی‌الدین ، پەیوەندی ئاستی مۆرفۆلۆجی بە ئاستی فۆنۆلۆجی و سینتاكس، چاپی یەكەم ، چاخانەی موكریان ، هەولێر ، 2013.

| | |
|---|---|
| | 30. ریاز عەزیز هادی ، مافەکانی مرۆڤ ، و: ڕەمەزان حەمەدەمین، چاپخانەی ڕۆژهەلاّت ، هەولێر 2015.<br>31. فوئاد سدیق ، دیموکراسی و ئیسلامی سیاسی ، تویژینەوەیەك لە ئینتەرنێتەوە وەرگیراوە.<br>32. هادی مەحموود ، وەدیهێنانی دیموکراسی ئەرکێکی قورسە بەلاّم مەحالّ نییە ،ڕ.ڕێگای کوردستان ،ژ.214، 1996. |

| Course topics (Theory) | Week | Learning Outcome |
|---|---|---|
| یەکترناسین و ناسینی پرۆگرامی بابەتەکە بە قوتابیان(سیستەمی بۆلۆنا) | هەفتەی یەکەم | ئامانجی یەکەم وچوارەم |
| ناساندنی کوردۆلۆجی ، زاراوەکەی ، کوردناسی لای کورد، سوودی کوردۆلۆجی ، ئامانجی ڕۆژهەلاّتناسەکان لە کۆردۆلۆجی دا .<br>زمان چییە ؟ چەند پێناسەیەکی زمان . بۆچوونی زمانەوانان ....<br>ئەرکەکانی زمان (وردەکاری و گفتۆگۆی جیاواز و زانستی)<br>تایبەتییەکان و سیماکانی زمان .... | هەفتەی دووەم | ئامانجی یەکەم وچوارەم |

| | | |
|---|---|---|
| | | (هۆم وۆرك) |
| **ئامانجی دووەم وحەوتەم** | **هەفتەی سێیەم** | مافەكانی مرۆڤ وبونیادی مافەكانی مرۆڤ و پەرەسەندنی لە مێژووی مرۆڤایەتی دا : مافەكانی مرۆڤ لە شارستانییە دێرینەكاندا، مافەكانی مرۆڤ لە لە ئاینی ئیسلام دا ، مافەكانی مرۆڤ لە سەردەمی ڕۆشنگەری و هاوچەرخ دا ....<br>پۆلینكاری مافی مرۆڤ وجۆرەكانی وخەسڵەتەكان<br>(كیوزێك) + (**سمینارپێشكەشكردن**) |
| **ئامانجی یەكەم وسێیەم** | **هەفتەی چوارەم** | پەیدابوونی زمان و یەكەم زمانی مرۆڤ ... شتی تر<br>گریمانەكانی پەیدابوونی زمان _ گریمانەی ئایینی ....<br>گریمانەی زانستی .... **سمینارپێشكەشكردن** – ئەنفال وجینۆساید دژی میللەتی كورد |
| **ئامانجی دووەم وچوارەم و شەشەم** | **هەفتەی پێنجەم** | ئاستەكانی زمان و هێلكارییەكی چڕوپڕو ڕێنووس وفۆنیمەكانی زمانی كوردی... (سەرچاوەكانی مافی مرۆڤ و پاراستنی مافی مرۆڤ میكانیزمی پاراستن و بەرەنگاربوونەوەی پێشێلكاری مافەكانی مرۆڤ<br>( كیوزێك + (**سمینارپێشكەشكردن**) |
| **ئامانجی یەكەم وپێنجەم** | **هەفتەی شەشەم** | كورتەیەك لە مێژووی زمانی كوردی دا . |

| | | |
|---|---|---|
| | | خێزانە زمانەکانی جیهان وشوێنی زمانی کوردی لەناو زمانەکانی جیهاندا .<br>دیالێکتەکانی زمانی کوردی و زمانی ستانداردی کوردی .<br>(هۆم وۆرك) |
| ئامانجی دووەم وچوارەم وشەشەم وحەوتەم | هەفتەی حەفتەم | جینۆساید (چەمك و پێناسەی)،مێژووئامانج وشێوازەکانی جینۆساید ورێکەوتنامەی قەدەغەکردن و سزادان لەسەر جینۆساید....<br>تۆبۆگرافیای کوردستان (چیاکان و گردەکان ودەشتەکان)، ئاینی کوردستان لە کۆن و ئێستادا(لەرێگەی سمینارەوە) |
| ئامانجی یەکەم وچوارەم | هەفتەی هەشتەم | ئەدەب – ئەدەبیات چییە ؟<br>تیۆری ئەدەب .. رەخنەی ئەدەب ... مێژووی ئەدەب ، بەراوردکاری ... پێناسەی ئەدەب بە پێی بۆچوونی جیاوازی ئەدەبیاتناسان ...<br>رەگەزەکانی ئەدەب و بەشەکانی ئەدەب....<br>شیعرو جۆرەکانی شیعر<br>هونەری پەخشان و کورتەیەك لە مێژووی پەخشانی کوردی کیوزێك + (**سمینارپێشکەشکردن** ) |

| | | |
|---|---|---|
| | | ئەدەبی سەرزاری ....پەخشان و ڕۆژنامەگەری کوردی.....(کیوزێك) |
| ئامانجی چوارەم وشەشەم | هەفتەی نۆیەم | جۆرەکانی پەخشان لە ڕووی ناوەڕۆکەوە .... جۆرەکانی پەخشانی هونەری و چەندین نموونە .... کیوزێك + (**سمینارپێشکەشکردن (قۆناغەکانی ئەدەبی کوردی :کلاسیك ونوێ و هاوچەرخ )** |
| ئامانجی دووەم وچوارەم و شەشەم | هەفتەی دەیەم | مێژووی کورد وکوردستان، میرنشینەکانی کورد ، کلتورو داب و نەریتی کوردان(کیوز لەبارەی بابەتەکەوە) . لەبارەی باشووری کوردستانەوە ، جوگرافیای کوردستان ، سنووری کوردستانی گەورە.... ئەنفال وکیمیاباران ( ئەنفالی بارزانییەکان و جینۆسایدی ئێزیدییەکان)......کاریگەرییەکانی ئەنفال لە ڕووی (مرۆیی و ئابووری و ژینگەیی) (هەوڵەکانی ناساندنی جینۆسایدی کورد(لەسەرئاستی ناوەخۆونێودەوڵتی.... (لە ڕێگەی سمینارەوە لەلایەن قوتابییەکانەوە کە دابەشدەکرێ بەسەر هەفتەکاندا بۆنموونە لە هەفتەی سێیەم بەدواوە)(تەواوکردنی سمینارەکان) |
| ئامانجی یەکەم ودووەم وچوارەم و | هەفتەی یازدم | وۆرکشۆپێك دەربارەی جێندەر (پەرێخان سەرۆکی سەنتەری |

| | | |
|---|---|---|
| کوردۆنیا)<br>ناساندنی جێندەر – چەمك و پێناسەی<br>تیۆرەکانی جێندەر .<br>پێگەی ئافرەتی کورد لە مێژوودا.<br>جێندەروخێزان – جێندەرو کلتوور<br>جێندەروسیاسەت – جێندەروئابووری<br>(هۆم وۆرك) | | حەوتەم |
| گفتوگۆیەکی کراوە .... ڕوونکردنەوەی پرسیارو وەلآمەکانیان بۆ کۆتایی ساڵ<br>شێوازی پرسیارەکان و نیشاندانی وەلآمی ئەو پرسیارانەی<br>خراوەتە بەردەستی قوتابیان....<br>نمرەی کۆتایی قوتابیان و هەر سەرنج و تێبینییەك کە هەیانبێت... | هەفتەی دوازدەم | گشت ئامانجەکان |
| **Practical Topics** | **Week** | **Learning Outcome** |
| | | |
| | | |

# Questions Example Design

**نموونەی هەندێك لە شێوازی پرسیارەکان**

&&&&&&&&&&&&&&&&&&&&&&&&&&&&&&&&&&&&

پ1: **شیعر** چییە؟ **جۆرەکانی** کامانەن ؟ بەکورتی **هەموویان** باس بکە؟ لەگەڵ هێنانەوەی نموونەی **ناونیشانی شاعیر** بۆ هەریەکێکیان ؟

پ2: **کوردناسی** چییە؟ **زاراوەکەی** لە چییەوە هاتووە ؟ کێ یەکەم کەس وەك (**کوردۆلۆجی**) بەکاری هێناوە؟ **لە ساڵی** چەند ؟ **لە کوێ** ؟ بۆچی بەشی کوردناسی لە زانکۆ و ئەکادیمیاکانی ئەوروپا **سەربەخۆ نەبووە**؟ بۆ یەکەم جارلە **کام وڵات** سەربەخۆیی وەرگرت ؟ **لە ساڵی چەند بوو** ؟ **فاکتەرەکانی** بایەخدان بە کوردۆلۆجی لە لایەن ڕۆژهەڵاتناسە ئەورووپاییەکان کامانەن؟ **بەکورتی** باسیان بکە؟

پ3: مەبەست چییە لە **ئاستەکانی زمان** ؟ **ئاستە سەرەکییەکانی** زمان کامانەن؟ **بۆچی سەرەکین** ؟ **دانەکانی** هەرسێ ئاستەکە بەنموونەوە ڕوونبکەرەوە ؟

پ4: مەبەست چییە لە **زمانی یەکگرتووی کوردی** ؟ **زار و زمان** چ پەیوەندییەکیان بە یەکەوە هەیە ؟ **کورد چەند دیالێکتی** هەیە؟ **بیانژمێرە** ؟ **شێوەکانی** ئەو دیالێکتەی کە شێوەیەکی لە **ناوچەی جوگرافی خۆی نییە** بژمێرەو بە **کورتی باسی شێوەکان** بکە؟

پ5: **زمان** لای **ساپیر** چییە؟ **ئاستەکانی زمان** چین (**بەهێلکاری بیخەڕوو**) ؟ **ئاستی مۆرفۆلۆجی** بە هەموو دانەکانییەوە باس بکە؟ لەگەڵ هێنانەوە نموونەی گونجاو بۆ هەر یەکێکیان ؟

پ6: **ئەدەب** لای **عەلاددین سوجادی** چییە؟ **بناغەکانی** کامانەن بیانژمێرە ؟ **ڕەگەزەکانی** بژمێرە ؟ چەند بەشی هەیە (**بەشەکانی ئەدەب**) بیاننووسە ؟ ئینجا **5-پێنج** خاڵی جیاوازی نێوان هەردوو بەشەکە بەکورتی بخەڕوو؟

پ7: مەبەست چییە لە **زمانە کانتۆمییەکان** و **زمانە ئارییەکان** ؟ ئاماژە بەهەموو ئەو زمانانە بکە کە سەر بەم دوو جۆرە زمانەن ؟ لەگەڵ ئاماژە کردن بە **خێزانەزمانی** ئەم زمانانە؟

پ8: **لە دیالێکتەکانی زمانی کوردی** دا وەڵامی ئەم پرسیارانەی خوارەوە بدەرەوە ؟

1. دیالێکتەکان و شێوەکانی دیالێکتەکان تەنها بژمێرە ؟
2. شێوەزاری ئەم هاوینەهەوارانەی خوارەوە دیاری بکە؟

؟] سۆلاف ، چنارۆك، دوکان ، سەرسەنگ ، جوندیان[

پ9: (5-**پێنج**) خاڵی جیاوازی نێوان (**شیعروپەخشان**) بنووسە ؟

پ10: جۆرەکانی **پەخشانی هونەری** بژمێرە و بەکورتی باسیان بکە؟ لەگەڵ هێنانەوەی نموونە بە گوێرەی پێویست ؟

پ11 شیوەکانی دیالێکتی **کرمانجی سەروو** ، **کرمانجی گۆران** بژمێرە لە هێنانەوەی نموونەی (**ناوچەی قسەپێکردن**) بۆ هەریەکێکیان ؟

پ12: **تایبەتییەکانی زمان** بژمێرە و باسی کۆتا تایبەتمەندی بکە بە چڕوپڕی لەگەڵ هێنانەوەی نموونەی پێویست ؟

پ13: **گریمانەکانی پەیدابوونی زمان** لە ڕووی زانستی زمانەوە بژمێرە ؟لە پاشاند دووانیان بە چڕوپڕی باس بکە ؟

پ14: بەهێلکاری **ئاستەکانی زمان** نیشان بدە ، لەپاشاندا **ئاستی مۆرفۆلۆجی و سینتاکس و یەکەکانی هەردووئاستەکە** بەنموونەوە باس بکە ؟

پ15: ئەم بۆشاییانەی خوارەوە بە وشەی گونجاو پڕبکەرەوە ؟

1. زانستی زمان بەپێی پێناسینی نوێ پێی دەگوترێت ________________.
2. ئەلۆمۆرف بریتییە لە ____________________.
3. ____________ لەلایەن شێخ حوسێنی قازی دانراوە.
4. زمانە سلاڤییەکان وەك ________ و__________ و__________ و__________.
5. بناغەکانی ئەدەبیاتناسی بریتین لە ___________ و__________ و__________ و__________.

پ16: **دیالێکتەکانی زمانی کوردی** بژمێرەو لە پاشاندا لە **دیالێکتی کرمانجی ناوەڕاستدا** وەڵامی ئەم پرسیارانەی خوارەوە بدەرەوە ؟

1.شێوەکانی دیالێکتەکە بژمێرە ؟

2.شێوە زاری ئەم ناوچانەی دیالێکتەکە نیشان بدە؟

(کفری و خانەقین ، شارباژێڕ، ، بانە ، جوانرۆ، قەراج )

پ17: ئەم زاراوانەی خوارەوە بەکورتی بناسێنە؟

1. خەیاڵ.
2. کوردۆلۆجی.
3. ئەدەب (لای عەلائەددین سوجادی).
4. زمان (لای ساپیر).
5. زمانی ستاندەر.

پ18: وەڵامی ڕاست هەڵبژێرە ؟

1. یەکەم ڕۆژنامەی کوردی بە ناوی (ڕۆژی کوردستان) لەکام وڵات دەرچوو؟

أ. قاهیرە . ب. جنێف. ج. ئەستەنبۆڵ. د. بەغدا .

2. ئاستی سیمانتیك سەر بەکام ئاستی زمانە؟

أ. واتاسازی . ب.دەنگسازی. ج. سایکۆلۆژی. د. پراگماتیك .

3. شێوەزاری بایەزیدی لە کێی دەریاچەی وانە؟
4. أ. باکوروباکوری ڕۆژهەلاَت . ب. باکوری ڕۆژئاوا. ج. باکوری ڕۆژهەلاَت. د. باکوروباکوری ڕۆژئاوا .
5. (عادات و رسوماتنامەی اکرادیە) لە لایەن کێ نوسراوە؟

أ. مەلا مەحموودی بایەزیدی . ب. شێخ حوسێنی قازی. ج. مەولانا خالیدی نەقشەبەندی. د. عەلی تەرەماخی .

6. کۆنترین وێنەی زمانی کوردی ئەمرۆمان چ زمانێکە؟

أ.ئاڤێستا . ب. ڕووسی. ج. کۆچەراتی. د.ئاری .

پ19: نیشانەی ( √ ) یان (×) بۆ ئەمانەی خوارەوە دابنێ ؟

1. زمان پێڕەوی فۆنیم و مۆرفیمە.
2. لە یادداشت نامەی خودی دا ئەدیب باسی کەسایەتییەکی دیمان بۆ دەکات.

3. ئاستی دەنگسازی زمان لە ئاستی (فۆنتیك) و (مۆرفۆلۆژی) پێك دێت.

4. (عەقیدەی کوردی) کە لە بارەی بیروباوەری موسولمانی سوننییە (شێخ حوسێنی قازی) نوسیویەتی.

5. زاراوەی (کوردۆلۆجی) لەناو کورداندا بۆ یەکەمجار لەساڵی (1931) لە گۆڤاری (ڕۆژی کورد) بەکارهاتووە.

پ20: ئەم دەستەواژە هەڵانەی خوارەوە ڕاست بکەرەوە ؟ بەمەرجێك هێڵ بەژێرداهاتووەکان دەستکاری مەکە؟

1. گریمانەی مۆسیقا لە لایەن (مارِ) دانراوە.

2. ئەلۆفۆن شێوەجیاجیاکانی هەمان مۆرفیمە.

3. گاڵتەوگەپ جۆرێکە لە جۆرەکانی شیعری شانۆگەری.

4. سۆزوخەیاڵ و هەڵچوون و ناوەڕۆك ڕەگەزەکانی ئەدەب دەست نیشان دەکەن.

5. ڕەمزی ئاماژە و دەربڕین و قسەکردن وەك تایبەتییەکی زمان جۆرەکانی ڕەمز دیاری دەکەن.

**پ21ـ** ئەم زاراوانەی خوارەوە بەکورتی بناسێنە ؟

1.ئەلۆمۆرف .

2.کوردۆلۆجی .

3.ئەدەب (لای ئەمرسن).

4.زمان (لای چومسکی).

5.فۆرم (وەك ڕەگەزێکی ئەدەب).

**پ22ـ** نیشانەی ( √ ) یان (×) بۆ ئەمانەی خوارەوە دابنێ ؟

1.ئاستی ڕێزمان ڕژێمێکە بۆ بەستنەوەی فۆن بە بە مۆرف .

2.فۆنیم و فۆن و ئەلۆفۆن لە ئاستی فۆنۆلۆژی زماندان .

3.زاراوەی (کوردۆلۆجی) لەناو کورداندا بۆ یەکەمجار لەساڵی (1931) لە گۆڤاری (ڕۆژی کورد) بەکارهاتووە .

4.گەرمیان زارێکی زمانی کوردی باکوورە.

5.(عەقیدەی کوردی) کە لە بارەی بیروباوەری موسولمانی سوننییە (شێخ حوسێنی قازی) نوسیویەتی .

پ23ـ ئەم دەستەواژە هەڵانەی خوارەوە ڕاست بکەرەوە ؟ بەمەرجێك هێل بەژێرداهاتووەکان دەستکاری مەکە؟

1.سۆزوخەیاڵ و بیرو جۆرەکانی هێما دەست نیشان دەکەن.

2.کانتۆم زاراوەیەکی هیندۆئارییە.

3.شێوەزاری زازایی دەکەوێتە ناوچەی بادینان

4.گریمانەی مۆسیقا لە لایەن (مارِ) دانراوە.

5.ئەلۆفۆن شێوەجیاجیاکانی هەمان مۆرفیمە.

پ24ـ **دیالێکتەکانی زمانی کوردی** بژمێرەو لە پاشاندا وەڵامی ئەم پرسیارانەی خوارەوە بدەرەوە ؟

1.شێوەکانی دیالێکتەکان تەنها بژمێرە ؟

2.شێوەزاری ئەم هاوینەهەوارانە دیاری بکە ؟

شەقلاوە ،ئەشکەفتێ ئەنیشکێ ، چەمی ڕێزان ، هەیبەتسوڵتان.

پ25ـ ئەم بۆشاییانەی خوارەوە بە وشەی گونجاو پڕبکەرەوە ؟

6. ـــــــــــــــــ لەلایەن شێخ حوسێنی قازی دانراوە.

7. زمانە سلاڤییەکان وەك ـــــــــــ و ـــــــــــ و ـــــــــــ و ـــــــــــ.

8. مۆرف بریتییە لە ـــــــــــــــــــ.

9. بناغەکانی ئەدەبیاتناسی بریتین لە ـــــــــــ و ـــــــــــ و ـــــــــــ و ـــــــــــ.

10. زانستی زمان بەپێی پێناسینی نوێ پێی دەگوترێت ـــــــــــــــــ.

پ26ـ وەڵامی هەڵەهەڵبژێرە ؟

7. کۆنترین وێنەی زمانی کوردی ئەمرۆمان چ زمانێکە؟

أ.ئاڤێستا .   ب.ڤیدا.   ج. ئەخمینی.   د.ئاری .

8. قسەپێکەرانی شێوەزاری هەورامی کام ناوچە قسەی پێدەکات؟

أ. پاوە .   ب. شاخەکانی هەورامان.   ج. شاخەکانی کێلێ.   د. پلنگان .

9. شیعری فێرکردن مەبەستەکەی ؟

أ. ئامۆژگارییە .   ب. پەندە.   ج. ئاراستەکردنە.   د. پەروەردەیە .

10. نوسراوەکەی مەلامەحموودی بایەزیدی نزیکە لە ؟

أ. عاداتی کوردان .   ب. دابونەریتی کوردان.   ج. کەلتورری کوردان.   د. بەڵگەنامەی کوردان .

11. ئاستی سیمانتیك سەر بەکام ئاستی زمانە؟

أ. واتاسازی .   ب.واتایە.   ج. زمانە.   د. واتالۆجییە .

پ.27 کۆزمانەوانەکان (زمانەوانی کۆمەڵایەتی) چۆن پێناسەی زمانیان کردووە ؟بەنموونە بیخەڕەروو؟ لەپاشاندا پێناسەی زمانی ستاندارد بەکورتی بکە ؟ دواتر لە ڕوانگەی دیالێکتەکانی زمانی کوردی وەڵامی ئەم پرسیارانەی خوارەوە بدەرەوە ؟

1. دیالێکتەکان و شێوەکانی دیالێکتەکان تەنها بژمێرە ؟
2. شێوەزاری ئەم هاوینەهەوارانە دیاری بکە ؟ . [ شەقڵاوە ، ئەشکەفتا ئەنیشك ، ئەزمەڕ، سۆلاف]

پ.28 مافی مرۆڤ بەکورتی بناسێنە؟ کورتەیەك لە مێژووی مافی مرۆڤ لە وڵاتانی (بەریتانیاوئەمریکاوفەرەنسا)بنووسە ، بەمەرجێك هێڵێکی هابەش لە بەینی هەرسێ وڵاتەکە دروست بکە لە ڕووی سیستەمی پاشایەتی و بیرمەندان و دەستووری وڵاتەوە؟دواتر لەئاینە ئاسمانییەکان بە تایبەتی (ئاینی ئیسلام) گرینگی مافی مرۆڤ وخاسییەتەکانی بەکورتی ڕوونبکەرەوە؟

پ.29 ئەم دەستەواژە هەڵانەی خوارەوە ڕاست بکەرەوە ؟ بەمەرجێك هێل بەژێردانەهاتووەکان دەستکاری مەکە؟

1. **چیرۆك و ڕۆمانەکان** مینبەری بڵاوکردنەوەی بەرهەمە ئەدەبییەکانن بەشێوەیەکی زانستی.
2. (ڤۆنت) لە ئەڵمانیا و(مارِ) لە ڕووسیا **گریمانەی پەیوەندی** یان دانا بۆ پەیدابوونی زمان لە ڕووی زانستی زمانەوە .
3. ڕووحی شیعری ویژدانی **جوڵەی کەسەکانە لەسەر تەختی شانۆ** .
4. سۆزوخەیاڵ و بیرو فۆرم **جۆرەکانی پەخشانی هونەری** دەست نیشان دەکەن.
5. دیموکراسی ڕاستەقینە **ڕووکەشی سیستەمی کۆمەڵایەتییە** ،بەڵام دیموکراسی فۆرمی **جەوهەری سیستەمی مەدەنییە** .

| | | |
|---|---|---|
| **Extra notes:** | | |
| **External Evaluator** | دوای پێداچوونەوەی کۆرس کەتەلۆکی سەرەوە دەرکەوت بۆم کە ناوەرۆك و ئامانج و گرینگی و پێناسە و شێوازی پرسیارەکان و دابەش کردنی کریدیەتەکان بە پێی پرۆگرامی داواکراوی زانکۆ و بۆلۆنیا سیستەمە<br><br>پ.ی. د. ئازاد رەمەزان علی | |
| | | |
| | | |
| | | |
| | | |
| | | |
| | | |
| | | |